# دوو هاوڕێ و جادووگەرێک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# دوو هاوڕێ و جادووگەرێک

## چیرۆک بۆ منداڵان

نووسینی

## کازیوە ساڵح

وێنەکێشانی

## شێروان موحسین



ناوی کتێب: دوو هاوڕێ و جادووگەرێک – چیرۆک بۆ منداڵان
نووسینی: کازیوە ساڵح
وێنەکێشانی: شێروان موحسین
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٠٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢١٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

سارا کچێکی چاوکاڵی سپی قژ زەردە، مامۆستاکەی زۆر حەز بەقژە درێژ و خاوەکەی دەکات، هەموو ڕۆژێ سارا لەگەڵ ئالان، کوڕە ڕەشە قژ لوولەکەی دراوسێیان بەیەکەوە دەچن بۆ قوتابخانە.

ڕۆژانە لە ڕێگەی قوتابخانەوە سەر لە هەردوو کوکوختییەکەیان دەدەن کە لە کلۆراییی دارێکی پیری گەورەدا بەچکەیان کردبوو، دارەکە لە نێوان کۆڵانێکی ئەودیو شەقامەکەی نێوان ماڵەوە و قوتابخانەکەیاندایە.

لەبەرئەوەی لە ڕۆژانی پشووی هەفتەدا سەریان لە کوکوختییەکان نەدەدا چونکە قوتابخانەیان نەبوو، لە ڕۆژێکی پشوودا ئالان زۆر بیری کوکوختییەکانی دەکرد، بۆیە ڕۆشت بۆ بینین و یاریکردن لەگەڵیاندا.

دەستی کرد بەکلۆریی دارەکەدا بۆ بێچووەکان، بەڵام لە بری بێچووە کوکوختی، مزراحێکی مس بەدەستیەوە هات و پاش ئەوەی مزراحەکە چەند جارێک لەسەر زەویەکە خولایەوە، پیرە پیاوێکی جادووگەری پشت کۆماوەی لێ هاتە دەرەوە.

ئالان لە ترسا هەموو لەشی دەلەرزی، پیرە جادووگەرەکە گوتی:

– مەترسە من ئەم شمشاڵە جوانەت دەدەمێ تەنها بینێیت بەلێوتەوە خۆشترین ئاواز دەژەنێت، بەمەرجێک بەقسەم بکەیت.

ئالان لە خۆشیی شمشاڵە سیحرییەکە و لە ترسانا گوتی:





- باشه چی دەڵێیت بەقسەت دەکەم.

پیرە گوتی:

- دەمەوێ هیچ ڕۆژێک لەگەڵ سارا نەچیت بۆ قوتابخانە، بەجێی بهێڵە لەوێش قسەی لەگەڵ مەکە و وەڵامی مەدەرەوە.

ئالان بەلێوە لەرزە و ترسەوە گوتی:

- بۆچی... یا...یاری... لەگەڵدا نەکەم و......

پیرە جادووگەر گوتی:

- چونکە تۆ ڕەشیت و لەو جوانتر و چاکتریت و دوایی تۆ کوڕیت، بەهێزیت، ئەو کچە، لاوازە. ئەو ڕۆژەش گوێم لێ بوو بەتۆی دەگوت ناشیرین.

ئالان باوەڕ بەقسەکانی پیرە جادووگەر دەکات و ئەڵێ:

- چۆن پێم دەڵێ ناشیرین ها؟ مادام وایە باشە بەقسەت دەکەم.

پیرە جادووگەریش کە دەبینی ئەو بەقسەی دەکات شمشاڵەکەی پێشکەش دەکات.

ئالان هەر بەڕێگەوە شمشاڵەکەی نا بەلێویەوە، بەبێ ئەوەی فووی پێدا بکات خۆشترین ئاوازی ژەند، هێندە ئاوازێکی خۆش بوو هەر کەس لەسەر شەقامەکە گوێی لێ دەبوو، دەکەوتە سەماکردن و چەپڵە لێدان.










که لەماڵەوە جارێکی دی نایەوە بەلێویەوە و هەندێ ساتیش سارای بیر دەکەوتەوە، ئەگەر گوێی لێ بێت چۆن سەما بۆ ئەو ئاوازە خۆشە دەکات، لەو کاتەدا پیرە جادووگەر لە لوولەی شمشاڵەکەوە دەهاتە بەردەمی و پێی دەگوت:

– قسەکانم لە بیر نەکەیت. لەگەڵ سارا قسە نەکەیت و نەچیت بۆ قوتابخانە.

ڕۆژی دوایی سارا زۆری چاوەڕوان کرد، بەڵام ئەو ڕۆیشتبوو سارای بەجێ هێشتبوو، لە قوتابخانەش وەڵامی سارای نەدایەوە و قسەی لەگەڵ نەکرد.

سارا زۆر بەغەمگینی و دڵشکاوی مایەوە، کە لە قوتابخانە گەڕایەوە لە ڕێگەوە وەکو هەموو ڕۆژێک ڕۆشت سەری لە بێچوو کوکوختییەکان دا، بەڵام ئالان لەوێ نەبوو، دەستی کرد بەکلۆریی دارەکەدا بێچووەکان دەربهێنێت، بۆ ئەوەی یارییان لەگەڵدا بکات و شکاتیش لە ئالان بکات کە بەجێی هێشتووە بۆ قوتابخانە و قسەی لەگەڵدا ناکات، بەڵام لە بری کوکوختی هەمان مزراح هات بەدەستی ئەویشەوە، پاش ئەوەی چەند جارێک بەدەوری خۆیدا خولایەوە، پیرە جادووگەر بۆ ئەویش هاتە دەرەوە، دارێکی درێژی سەر پووشاویی بەدەستەوە بوو لەگەڵ گۆچانێکدا، بەسارای گوت:

– ئەمە گسکێکی سیحرییە، ئەگەر سواری بیت دەتبات بۆ هەر شوێنێک کە خۆت بتەوێت، دەیدەم بەتۆ ئەگەر بەقسەم بکەیت.

سارا لە خۆشیدا شاگەشکە بوو و گوتی:

– چی بڵێیت بەقسەت دەکەم.

پیرە جادووگەر گوتی:

باشە دەمەوێ لەگەڵ ئالان قسە نەکەیت و نەچیت بۆ قوتابخانە.

سارا گوتی:

– بۆچی؟

پیرە جادووگەر گوتی:

– چونکە تۆ سپیت جوانیت، ئەو ڕەش و ناشیرینە، تۆ کچیت ناسکیت ئەو کوڕە وا نییە، ئەو ڕۆژەش گوێم لێ بوو دەیگوت سارا ناشیرینە.

سارا گوتی:

– ئەو خۆی قسە لەگەڵ من ناکات.

پیرە جادووگەر دارە سەر پووشینەکەی دایە دەستی و خۆی ون بوو.

سارا خێرا سواری دارەکە بوو، پێی گوت بیبات بۆ سەر باڵەخانە بەرزەکەی خۆیان بۆ ئەوەی بێچووە پشیلەکان ببینێت، بەڵام بردی بۆ شوێنێکی هێندە دوور و ترسناک کەس نەیدەزانی کوێیە. کەسی لێ





نەبوو پیرە جادووگەرەکە نەبێت. بردییە ژوورێکەوە بەندی کرد و، هەموو ڕۆژێ گۆچانێک بەو گۆچانەی کە هەمیشە بەدەستییەوەیەتی دەکێشا بەبنی پێیەکانیدا و دەیگوت:

- دەتکەم بەجادووگەرێک بەیەکەوە بتوانین جیهان خاپوور بکەین.

چەند ڕۆژێک دوای ئەوە، پاش ئەوەی سەرجەم خێزانەکەیان و پۆلیس بۆ سارا دەگەڕان و هیچ هەواڵێکیان دەست نەکەوت.

ڕۆژێک ئالان گەڕایەوە سەردانی بێچووەکانی کرد، ئەمجارە کوکوختییەکە هاتە زمان و گوتی:

- تۆ هەڵە بوویت باوەڕت بەو پیرە جادووگەرە کرد ئەو بۆ جیاکردنەوەی ئێوە ئەوەی کرد. بۆ ئەوەی بەتەنیا بن، بەو شێوەیە بێ هێزتان بکات و لەناوتان ببات، ئێستا سارای لە ئەشکەوتەکەی خۆیدا بەند کردووە.


ئالان زۆر دڵتەنگ بوو گوتی:

- ئەی چارەسەر چییە؟

کوکوختییەکە گوتی:

- من قازێکی زۆر بەهێزی هاوڕێم هەیە ئێستا بانگی دەکەم و بەیەکەوە دەچین، وا دەکەین گۆچانەکەی لێ بفڕێنین، چونکە هێزی سیحری ئەو پیرە لە گۆچانەکەیدایە.





قازی هاوڕێ هات و ئالان و کوکوختییەکەش سواری سەر پشتی بوون، گەیاندنی بەئەشکەوتی پیرە جادووگەر، سەرەتا قازەکە دەنووکێکی دا لە چاوی پیرە جادووگەر و، ئەویش لەتاو ئازاری چاوی دەستی لە گۆچانەکە بەردا و گرتی بە چاویەوە، لەو کاتەدا ئالان گۆچانەکەی لێ فڕاند و سارایان لە ژوورە تەنگەکە دەرهێنا و، سواری پشتی قازەکە بوون و گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەبەرزایی ئاسمانیشەوە هەر بیریان لە قسەی مامۆستاکەیان دەکردەوە کە دەیگوت:

وانەی یەکەم      مافی مرۆڤ      ٢٠٠٣/٧/١٤

**هەمیشە دوژمن هەوڵ دەدات:**

- **جیاوازی**
- **دووبەرەکی**
- **ڕەگەزپەرستی**

بخاتە نێوانتانەوە، ئەوانە کردەوەی مرۆڤ نین و مرۆڤایەتی قبوولی ناکات، پێویستە هەموو وەکو یەک بژین و ڕێزی یەک بگرین.

بەم شێوەیە سارا و ئالان گەڕانەوە بۆ ماڵەوە و بوون بەخاوەنی



شمشاڵ و گۆچانی سیحری بەڵام گۆچانەکەیان لە ئاسماندا فڕێدایە یەکێک لە دەریاکانەوە، گوتیان پێویستمان بەشتێک نییە خێری مرۆڤی تێدا نەبێت و شمشاڵەکەیان هەڵگرتەوە، لەو ڕۆژەوە کەس نەیتوانی فێری ڕەگەزپەرستییان بکات. هاوڕێیەتی خەڵک دەکەن بەبێ جیاوازی هەموو کەسێکیان خۆش دەوێت بەبێ جیاوازی.